# ژنێک بۆ خۆشەویستن و زەینێکی جەنجاڵ

هاشم سەڕاج

«ژنێک بۆ خۆشویستن» ڕۆمانێکی نووسەری یۆنانی «تیۆدۆر کالیفاتیدێس»ـە، دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی، سەرەتا هەوڵ دەدەم لە نووسینەکەی وەرگێڕی کوردی هەندێک زانیاری لە بارەی ژیانی نووسەرەوە تۆمار بکەم، تیۆدۆر کالیفاتیدێس ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی «مۆلای»ی نیوە دوورگەی «پێلوپۆنیسۆس»ی یۆناندا لە دایک بووە، تەمەنی سێ ساڵان دەبێت کاتێک نازیستەکانی ئەڵمانیا باوکی دەستگیر دەکەن و دەیخەنە بەندیخانەوە، هەروەها تیۆدۆر لە تەمەنی پێنج ساڵی دایە کاتێک بە دوو چاوی خۆی دەبینێت کە نازیستەکان لە دێکەیاندا شێتێک دەگرن و وەبەر گوللەی دەدەن.

تیۆدۆر لە هەژدە ساڵیدا زۆرتر بایەخ بە خوێندن دەدات و خەریکی کاری شانۆیی دەبێت، دوای تەواوکردنی ڕاژەی سەربازی بەهۆی کار و چالاکییە سیاسییەکانییەوە چەندین جار دەخرێتە بەندیخانەوە، ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا، ڕوو لە وڵاتی سوێد دەکات، سەرەتا لە چێشتخانەیەکدا کار دەکات، دواتر کاری ڕۆژنامە پەخشکردنەوەی دەست دەکەوێت و زۆر زوو خۆی فێری زمانی سوێدی دەکات، پێی وایە نووسەر هەر دەبێت بنووسێت، بەو زمانەی کە دەیزانێت، یان نایزانێت، هەروەها پێی وایە ئەوە زمان نییە کە ئەدەبیات دروست دەکات، بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی، دەڵێت نووسین پێوەندی بە دڵمەوە هەیە، ئەگەر من دەسەڵاتم تەنیا بەسەر دوو وشەیشدا بشکێت، بەسە.

ئەمڕۆ تیۆدۆر بە یەکێک لە ڕۆماننووس و وەرگێڕە ناسراوەکانی سوێد دادەنرێت، تیۆدۆر دوای سێ ساڵ ژیان لە سوێد دەبێتە مامۆستای فەلسەفە، پاشان کۆمەڵە شیعری «یادەوەری لە تاراوگە» دەنووسێت، تیۆدۆر بەدەیان ڕۆمانی نووسیوە و ڕۆمانەکانیشی بۆ زۆرترین زمان وەرگێڕدراوە، لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا گێڕەرەوە، کەسی یەکەمی تاکە، یان بە شێوازێکی تر تیۆدۆر خۆی دەبێتە چیرۆکبێژ و ژیان و بەسەرهاتی دەگێڕێتەوە، تێمەی ڕۆمانەکانیشی زۆرتر لە عیشق و



تاراوگەنشینییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها «کەریم تاقانە» بابەتێکی دەربارەی ڕۆمانەکە نووسیوە و دەڵێت: دەکرێت ڕۆمانی «ژنێک بۆ خۆشویستن» ناوی «کتێبی یادەوەری»یشی لێ بنرێت، کە بریتییە لە چیرۆکی سی ساڵ دۆستایەتی نێوان تیۆدۆر کالیفاتیدێس و ژنێکی یۆنانی بەنێوی ئۆلگا، تاقانە لە شێوازی نووسینی تیۆدۆر دەدوێت کە «بەزمانێکی سادە و ساکار و دوور لە پێچەڵاوپێچی، بەزمانێکی زۆرجار خەماوی و گەلێک جاریش تەنزئامێز باسی ژیان و ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی خۆی دەکات».

تاقانە لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە دەدوێ و پێوەندی نێوان عیشق و دۆستایەتی وەک پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە لێکدەداتەوە، هەروەها چەند چەمک و بابەتێکی تر دەورووژێنێت لەوانە، مەرگ، خۆشەویستی، دۆستایەتی، پێی وایە ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا باسی «ژیان» دەکات، خۆشەویستی بۆ هاوسەر، بۆ دۆست، بۆ منداڵ و باوک، بۆ یاری تۆپی پێ، دواتر بەم ڕستەیە گوزارە لە عیشق و مەرگ دەکات.. (عەشق ناتوانێ مەرگمان لەبیر بباتەوە، بەڵام دەتوانێ هێز و وزەمان بداتێ کە ڕووبەڕووی بوەستینەوە) جا من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند تەوەرێک لە ڕۆمانەکە بورووژێنم و کاریان لەسەر بکەم، سەرەتا خوێنەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە هەست دەکات دەخزێتە نێو جیهانی گێڕانەوەیەکی دوورودرێژ، بەڵام تا دێ گێڕانەوەکان لە یادەوەرییە دوورەکانی قۆناغ و دەورانی جیا جیای ژیانی تیۆدۆرەوە سەرچاوە دەگرن، یان بەشێوەیەکی تر تیۆدۆر لەم ڕۆمانەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی نۆستالژیاوە یەک بەیەکی وێستگەکانی ژیانی بگێڕێتەوە، بۆیە گێڕانەوەکان تاڕادەیەک لە «بیوگرافیا- Biography»یەک نزیک دەبنەوە، بەڵام هەندێک جار هەر لەنێو ڕەگەزی نۆستالژیاوە، جۆرێک لە دیالۆگ بەکاردەبرێت و درێژە بە بابەتەکان دەدات، ئاخر تیۆدۆر وەک چیرۆکبێژێک بە زەینێکی جەنجاڵەوە بەسەرهات و یادەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، تیۆدۆر- لە تەمەنی گەنجی یۆنان، یان گریکلاند جێ دێڵێت و کە دەگاتە سوێد تەمەنی نزیکەی بیست و شەش ساڵە، زوو فێری زمانی سوێدی دەبێت، تیۆدۆر پێی وایە «ئەوە زمان نییە کە ئەدەبیات دروست دەکات، بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی»، بەڵام دواتر بێ ئەوەی هەست بە کرۆکی خەتەرناکی ئەو دەستەواژەیە بکات یەکسەر دەکەوێتە نێو تاراوگەیەکی ترسناکی زمانییەوە، تاراوگەیەک لێوانلێوە لە نامۆیی زمانی. تیۆدۆر کاتێک گوێ بۆ گۆرانییە گریکییەکان هەڵدەخات، یان ئەو کاتەی پیرێژنە گریکییەکە لەدوایین چرکەی ڕێوڕەسمی ماڵاوایی و بەخاکسپاردنی ئۆلگادا بە خەڵکەکە دەڵێت: «خودا لەگەڵ هەموو ئێوە بێ» لەوێ بە قووڵی هەست بەو غوربەتە زمانییە دەکات و دەگاتە ئەو ڕاستییە کە «خودا حەقیقەتە و زمانیش خودایە».

لێرەدا دەکرێ بڵێم ئەو جەنجاڵییەی کە زەینی تیۆدۆری داگیرکردووە و گێڕانەوەکانی چرکە بە چرکە دەگۆڕدرێن و بابەتەکان بەشێوەی پچڕپچڕ دەخرێنە ڕوو، یان بە پەلە چەمکی گێڕانەوە لە بابەتێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بابەتێکی تر، سەرجەم حاڵەتەکان لە جەنجاڵی و نیگەرانی زمانەوە سەرچاوە دەگرن، لەگەڵ ئەوەی کە تیۆدۆر بڕوای وایە کە [مرۆڤ بەڕێکەوت لە دایک دەبێ و بەڕێکەوتێکی تریش دەمرێ]، بەڵام پرسی زمان هەرگیز دەسبەرداری نابێت، چونکە زمان کە «هایدگەر» جەختی لەسەر دەکات «ماڵی بوونە»، یان کە «مالارمێ» دەڵێت ئەوە خودی زمانە لەنێو دەقدا قسە دەکات، مەبەستم ئەوەیە تیۆدۆر هەمیشە لە تاراوگەیەکی زمانیدا، لە ڕێگەی زەینێکی جەنجاڵەوە دڵەڕاوکێکانی بوونی خۆی دەنووسێتەوە و خەیاڵ و خولیای لەنێوان سوێد و گریکلاندا دەخولێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، تیۆدۆر شەیدای سەلاری و کەسایەتی ئۆلگایە، لەگەڵ ئەو سەرە ژنە شکۆمەندە تەنیا یەکجار بەیەکەوە سێکس دەکەن، دواتر ئۆلگا دەبێتە ژنێک تەنیا بۆ عیشق و خۆشویستن، ڕەنگە تیۆدۆر لە ڕوانگەیەکی ئەپیکۆرییەوە چێژ لە دۆستایەتی ئۆلگا ببینێت، واتە چێژ و ئەڤینێکی گیانی کە هێدی هێدی بەشێوەیەکی شاراوە دەگاتە ئاستی پەرستن، ئۆلگا لە بنەڕەتدا ژنێکی جوانی دوو ڕەگ- هەجین-ە، [ئۆلگا سێ یەکی گریکی، سێ یەکی ڕووسیایی و سێ یەکەکەی

تریشی سویدی بوو، دایکی ڕووسیایی، باوکی گریکی و خۆیشی لە سوید لە دایک ببوو، بە کەفوکوڵەوە گریکلاندی خۆش دەویست و خەونی بەوەوە دەبینی کە دوایین ڕۆژەکانی خۆی لەوێ بەسەر بەرێت] تیۆدۆر ئەگەرچی گێڕانەوە جەنجاڵ و دوورودرێژەکانی خۆی لە ڕێگەی نۆستالژیاوە دەخاتەڕوو، بەڵام کرۆکی گێڕانەوەکان زۆرتر گەڕانە بەدوای واتای مەرگ و ژیان و چێژی عیشق و لەززەتی ئەو دۆستایەتییە ڕوحییەی کە لەپێوەندیدا لەگەڵ ئۆلگا دەیدۆزێتەوە، بەڵام [نەدەکرا ئۆلگا وازوو شوو بە مردن بکا]، ئاخر ئۆلگا تەمەنی لە پەنجاویەک ساڵ زیاتر نەبوو، لە پڕێکدا دووچاری شێرپەنجەی سییەکان هات، تیۆدۆر لە گێڕانەوەکانیدا یەک یەک وێستگەکانی ژیانی دەخاتە ڕوو، دەورانی منداڵی لە گریکلاند و ژووره شەش مەترییەکەی لە سوید و ئەو کیژەی کە ناسی و تیۆدۆری نارد کۆندۆم بکڕێت، کەچی بە هەڵە پاکەتێک ڤیتامین ئی هێنا، هەروەها ئاماژە بە کۆمەڵێک کەس و کەسایەتی دەدات، لەوانە مێلینای ڕەشپۆش کە دەستەخوشکی ئۆلگا بوو، بریتا کە شووی بە تۆماس کردبوو، فریدا کیژێکی گەنجی سویدی و هاوڕێی نزیکی ئۆلگا بوو، سەرەڕای ئاماژەدانی بە هێماگەلێک لە میتۆلۆژیای گریکی و ڕۆمانی و چەندین بیرمەند و فەیلەسووف و ڕۆماننووس لەوانە، نیتشە و ئەپیکۆر و دەستۆیڤسکی و چیخەف...تاد، بۆ نموونە یانووس-janus- خوداوەندی ڕووناکی، یان هەتاو لە میتۆلۆژیای ڕۆمانیدا، یان کێشەی تیۆدێسی کە پێوەندی بە چەمکی شەڕ و گوناه و مەینەتەوە هەیە، هەروەها خستنەڕووی هەندێک بیروبۆچوون سەبارەت بە باوەڕی مەسیحییەت، تیۆدۆر لەم ڕۆمانەدا وێڕای بەکاربردنی شێوازێکی تەنزئامێز چەندین وشەی ناجۆری وەک گەواد، کێر، دوودەرکی، قەحپەخانە، بیگێ، سمتی بادەدا، بەکارهێناوە، یان وشەی تەیر زۆرجار وەک میتافۆر دەلالەت لە کێر «چووک» دەکات، هاوکات بەشێوازێکی مەینەتئامێز کاری لەسەر کەسایەتی «ئیفیگینا»ی خانمە کارەکتەری تراژیدیای گریکی کردووە، یان لە گەڕانەوەی بۆ دەورانی منداڵی لە گریکلاند باس لە یاری تۆپێن و دووگۆڵی دەکات و یەک یەک ناوی یاریزانەکان دێنێ، تیۆدۆر ئەو بەسەرهات و یادەوەرییانەی بۆ ئۆلگا گێڕاوەتەوە، بەڵام ئێستا ئۆلگا مردووە و لەوێ لە کڵێساکەدا تابووتەکەی بەگوڵ ڕازاوەتەوە و دۆست و ناسیاو و کۆچبەرانی گریکی دوایین ماڵاوایی لێدەکەن و ماڵاوایی بە خاکسپاردنی هەتا هەتایی، بەڵام تیۆدۆر هەمیشە لەگەڵ ڕستە خەمگینەکانی ئۆلگادا دەژی، ئۆلگا دەیگوت: بیر لەوە دەکەمەوە پیاو چی لەبارەی منەوە دەگێڕنەوە، ئەو وەختەی من خۆم نەماوم.. یان بە تیۆدۆری دەگوت: «گەر نەمرم قژم دێتەوە»، ئۆلگا لە ژیانیدا چەند جارێک شووی کردبوو، بەڵام بەم دواییە خۆی بۆ پەروەردەکردنی منداڵی پەنابەران تەرخان کردبوو، تیۆدۆریش منداڵەکانی گەورە بوون، ساڵی ١٩٦٥، یان ١٩٦٦ بۆ یەکەم جار ئۆلگای ناسی، ئەوکاتە ئۆلگا سەرقاڵی تێزی دکتۆراکەی بوو، ئەی ئەو کاتەی ئۆلگا چارەسەری کیمیایی وەردەگرت، بۆیە تیۆدۆر هەمیشە لەگەڵ غایلەکانی ئۆلگا و دڵەڕاوکێ زمانییەکەیدا دەژی، تا دێی بەرەو ڕابردووی ژیانی شۆڕ دەبێتەوە، ئەگەر لێرەدا لە ڕوانگەی «ڤنگنشتاین»ـەوە لە گێڕانەوەکانی تیۆدۆر بڕوانین، هەست دەکەین «گێڕانەوە سەرچاوەیەکی فیکرییە بۆ واتا».

کەواتە تیۆدۆر بە زەینێکی جەنجاڵ و بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆز لە تاراوگەیەکی زمانیدا بەدوای واتادا دەگەڕێت، واتای عیشق و ژیان و مەرگ و مەینەت.. کە سەرجەم واتاکان پابەندن بە چەمکی بوونەوە، یان بەدیدێکی هایدگەری بوونی مرۆڤ لە جیهاندا واتە بوون لێرە «دازاین».. بەڵام دەشێت مەرگ کتوپڕ بێت و سەرجەم پرۆژە و پلانەکانمان تێکبشکێنێت.. [ئێستا ئەو مردووە بە پرچە زەرد و چاوە زەردە سەوزەکانییەوە لەنێو ئەو تابووتە سپییەدا ڕاکشاوە، لە کورسیلەکەی دواوەمدا سۆنیا لەگەڵ مێردە تازەکەیدا دانیشتووە].

تیۆدۆر لە چرکە نۆستالژیاکانیدا لە کچگەلێک دەدوێت، ماریانای باڵابەرز، ئیڤا، بێربێل.. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ چەمکی خۆناسین دەدات لای «سوکرات».. دواتر لە مەینەتەکانی

چرکەی خوێندن و دکتۆراکەی خۆی دەدوێت کە چۆن بەربەرەکانی کراوە. ئەم ڕۆمانە وێڕای بابەتە خودییەکان چەندین پرس و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، لەوانە تراژیدیای دووەمین جەنگی جیهانی و ستەمی نازییەکان و مەرگ و گۆڕستان و مەینەت و دەردەسەری، بەڵام درێژترین بەش و چرکەکانی نۆستالژیا وەک چەمکی گێڕانەوە لە «جەژنی کریسمس» بەرجەستە کراوە. لەوێ تیۆدۆر لە یەکەیەکەی خێزان و خانەوادەکەی دەدوێت، هاوسەرە سوێدییەکەی، دایکی، براو زڕ براکەی، منداڵەکانی، کوڕەزاکەی،.. دەیەوێت جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان کولتووری سوێدی و گریکیدا بخاتەڕوو، بەتایبەتی لەڕووی ئەتەکێتی نانخواردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی کەوچک و چەقۆ و چنگاڵ.. یان بەکارهێنانی کەرە لەگەڵ چێشت.. تیۆدۆر چەقۆیەکی نانبڕین و پەنیربڕ و ڕندەیەکی پەتاتە لە سوێدەوە بە دیاری بۆ دایکی دەبات، دایکی لە گریکلاند دەژی و ئەو شتگەلە ناوازە و جوانانە بە شێوەیەک دەپارێزێت، گریکییەکان لەکاتی نانخواردندا بەدەست نان لەت دەکەن، کەچی سوێدییەکان بە چەقۆ تیکە تیکەی دەکەن، تێکست لە خستنەڕووی جەژنی کریسمسدا، زۆرجار دیمەنەکان بەشێوەی فلاشباک و گرتەی سینەمایی نیشان دەدات، یان دەربارەی نیتشە و نەخۆشی ئاتەشەک.. دەڵێت: نیتشە بۆ ئەبەدییەت دەینووسی، کەچی خودای نەبوو، بەڵام دەستۆیڤسکی بۆ ئەبەدییەت دەینووسی، کەچی وەرگری ئەو خودا بوو، یان دەربارەی «دۆنادۆن» دەڵێت: ئاخر چ خۆشییەکی تێدایە وەک پشیلەیەک بۆ ژیان بگەڕێیتەوە.. بەم جۆرە ڕۆمانی «ژنێک بۆ خۆشویستن» لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی نۆستالژیاوە کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر دەورووژێنێ و لە هەمان کاتدا بەهۆی گێڕانەوە دوورودرێژەکانییەوە بەدوای مانای بوون و عیشق و ژیاندا دەگەڕێت و جەنجاڵی و ئاڵۆزییەکانی زەینی دەنووسێتەوە.. بەڵام نووسینەوەیەک لە بنەڕەتدا زۆرتر هەڵگری مەینەت و مەرگەساتە شاراوەکانی بوونە، لە هەمان کاتدا عیشقی ئۆلگا تا دوایین ڕستە و دەربڕین ئاوێزانی سیستەمی زمانی نووسین دەبێت و تەکنیکی نۆستالژیا بەردەوامی بە یادەوەری و بەسەرهات و گێڕانەوەکان دەدات.

**سەرچاوە:**

**ژنێک بۆ خۆشویستن**

**نووسینی: تیۆدۆر کالیفایدیس**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**

**بابەت: ڕۆمان**

**زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار ژمارە «٥٤» بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی – بینایی، ساڵی چاپ – ٢٠١٢**